www.kurdistannet.org

21-8-2007 20:52بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کوردوستان ... بەکر حەبیب

زۆر دەمێکە ئەشکی چاوم ووشک هەڵنایە
زمانم تەتەڵە دەکا و پێزی هۆنراوەم بۆنایە
گەر گریانم نەوەستێت و زمان لەلاڵی بەرنەبێ
گەرشیوەنم ببێتە شاد چاووم تانەی لەسەر نەبێ
بە ئامێزی تۆدا دەکشێم ئەی نیشتیمانی ئازیزم
هەنگاوی عەمری بەربادە دەست و قاچی وا بێهێزم
مانگی تابانی شەوانم بێ تریفە و بێ خەندەیە
بەهاری ئەمسالێش وەک پار زەرد و دایم شەرمەندەیە
شیوەن و کۆڕی گەرمی غەم لە وولاتم وا بەستراوە
کوردستانم لە نێوانی چوار جهەننەمدا وەستاوە
خۆڕاگر بن وولاتی عەشق و بەرخودان
ئێوەن ڕابەری ڕزگاری بۆ چواردەورتان
سلێمانیهەڵمەت و زەبر و قوربانی
پیرە هەولێر شان بە لەشانی
دوهۆک وهەکاری کەرکوک
خانەقینی وەک تازە بووک
مهاباد و سەقز و بۆکان
سنەی شابازی گشت کوردان
وان و جەزیرە و ئامیدی
ئێوەن نموونەی نەبەردی
ڕۆژئاوا تاکو ڕۆژهەڵات
بووە بە شوعلەی یەک خەبات
ڕیشەیدوژمنانەربێنن
ئاڵای کوردستانمان بێنن
لە بەرزی لووتکەی چیاکان
با بشەکێ ئاڵاکەمان
ئەوسا زەرد و سەوز و سوری
بۆ شەهیدانی وولاتمان
دەبێتە خەندە و سەبوری.

، ، ، ، ، ، ، ، ، ، سوید
habeb85@hotmail. com
den 14 augusti 2003

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.